# خەون بە پیربوونی ئاوەوە دەبینم

عەبدولموتەلیب عەبدولڵا

من لە خەیاڵەوە دێم لەوێ
جگە لە تەنیایی
جگە لە باران
جگە لە خۆم
بەفر دەبارێ
ژیان بە سەر شەقامی زامدا دەڕوا
ژیان فرمێسکێکە لە دەفری هەتاو
مێژووی ڕۆژ دەنووسێتەوە
ژیان لە دەلاقەی ئاو ژەهر فڕ دەکا
منیش بە ژیان مەست دەبم
لە بەر باران لەتر دەدەم
بەڵام کەنارێك نادۆزمەوە
دەڕۆم
هیچ کەس دیار نییە
میز بە ژیاندا دەکەم
دەڕۆم
لە ڕستەیەکی ناکام شانی سەفەر دەگرم
چەندان حەز لە دڵم بە تووندی
زەرد بوون
بە تووندی
باران لە دەرگام دەدا
بەڵام هیچ کەسێ نازانێ
پەپولەکان
شەو لە کوێ دەخەون
بە ڕۆژ ناز بە خەونەکانمەوە دەکەم
شەو لە پێکەنینە تەڕ دەبم

باران ڕێگەم دەکاتەوە
بەڵام کەس  فرینم نابینێ
لە ڕستەیەك
ئاو لە دەرگا دەدا
من لە چەناگەی بارانەوە دێمە خوارێ
چەشنی بەفر
بێ بەزەییانە گوێچکەت دەلێسمەوە
بێ بەزەییانە
(شەو) لە پەنجەرەی دڵم
بەر لەوەی خەو بیبانەوە
نیگا بە سەفەر دەسپێرێ
هیچ کەس نازانێ
دڵم چەند تەنگە
دەمەوێ خۆم تاقی بکەمەوە
ژیان دەخەمە سەر شانم
دڵم لە پاسەپۆرت گرێ دەدەم
وەك ئاو دەکەومە ئەو دیوو سنورەکان
دەڕۆم
کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە
ئاو بێ ئەوەی قاچەکانی ببینین
دەڕوا
من بێ ئەوەی کەس بزانێ
دڵم تەنگە
بێ ئەوەی ڕستەیەك بڵێم
دەکەومە سەر تەنافی بیرکردنەوە
ئاو تەنها خەیاڵێکە لە ژێر پێستی ژیان
من دەستم بە پرچی بارانەوەیە
دەڕۆم
خەون بە پیربوونی ئاوەوە دەبینم

خەیاڵێك لەو سەری دڵتەنگییەوە دێتەوە

بارانێك لە دژی باران

من دەڵێم

پیری کاتێ هاتە نێو ژیان

وەڵامی هەموو دەنگێ ئاو دەیبا

پیری سەرجەم شتەکان

لە تۆپەڵە بەفرێ دەخاتە رستەوە

دەمەوێ فێری ئەوە بم

دەمەوێ

لە کاتی یەکتر ناسین

باران بۆنی هەناسەی باران بکا

ئاو فەلسەفە بخاتە سەر شان

شیعر  بدوێ

ئەوە ئایەت نییە

رستەیەکە لە خەونەکانم دێتەوە

رستەیەکە کتوپڕ

لە سەفەر هەڵدەوەرێ

کتوپرلە بری شیعر پارچەکانم کۆ دەکاتەوە

چونکە دەیەوێ ببێتە باران

دەڕۆم

دڵم لە ژیان دەکەمەوە

ئیتر تەواو کە ژن هاتە ژیانەوە

هەتا دەتوانی پاڵ بە مەرگەوە بنێ

کە ژن دێتە ژیانەوە

هەتا خەیاڵ  پیاو دەوەرێ

کاتێك کەنارێك نادۆزمەوە

کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە

باران لە بەر هەتاو خۆشحاڵە

باران باران دەکا

بەلاَم من دلَم تەنگە
بێ پەروا دەپرسم پەپولەکان
کەی لەگەلّ خەو دەنیشنەوە
دووبارە پەنا بۆ ژن دەبەم
دەمەوێ فێری ئەوە بم
لە بەر باران
وێنەی باران بشۆمەوە
لە بەر باران
گوێچکەت بلێسمەوە ئەی ژن
شتەکان وەك پەپولە تێدەپەڕن
ژیان لە ژێر پێستی باران هەلّدەنیشێ
ژیان باران دەکا
جیهان کێوێکی ئاوییە
بە قسەی هەمووان
شتێك دەجوێ
بەلاَم وانییە فەلسەفە دەخوات
کاتێ ژن هاتە نێو ژیان
دەبێ پیاو لە سەر گۆنای باران بنووسێ
سەفەر
باسکی بخاتە سەر شانی ئاو
من لە خەیالَەوە دێم لەوێ
جگە لە تەنیایی
جگە لە باران
جگە لە خۆم
جیهان ئەوەندە خۆشحالَە
بەفر دەبارێ
مرۆڤ ئەوەندە خۆشحالَە
لە سەر دەنگی باران دەنوێ
شەو چەند

لە وێوە دێم

بەڵام کەس فرینم نابینێ

کتوپڕ بیرم دەکەوێتەوە

وەك ئاو دەکەومە ئەو دیوو سنورەکان

دەڕۆم

بێ پەروا دەڵێم

سێبەری ژن لە ژیان خراپتر نییە

ئەگینا لە بری ئاو غەرق دەبم

دەمرم

باران لە مرۆڤ نزیك دەبێتەوە

باران ختوکەی مرۆڤ دەدا

پیاو بە توندی شانی ژن دەگرێ

لە ترسی مەرگ

من لە گۆڕی باران خەو دەمباتەوە

ژن ئاو دەشێلێ

من پەنام بۆ مەرگ برد

بەر لەوەی لەسەر دەنگی باران کز بم

دەمرم

یان لە بری ئاو دەبارم

باران لە هەر جێگەیەکەوە هەڵبکات ژن تەڕ دەبێ

دەمەوێ فێری ئەوە بم

مرۆڤ پاڵ بە ژیانەوە دەدا

چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان باران پارچەکان کۆ دەکاتەوە

دەڵێ مرۆڤ پڕبوو لە ژیان

مرۆڤ دەڵێ

ژیان سێوێکە لە بەر هەتاو مابێتەوە

هەست دەکەم بۆنی ژن دێ

وەکو یەکێك ئاو بیگرێ

پیاوان هەندێکیان لاسایی درەخت دەکەنەوە

ناکرێ متمانەیان پێبکەی

ژیان هەندێجار وەك ئاو دەڕوا

ناکرێ گومان لە خواردنەوەی نەکەین

من لە خەیاڵەوە دێم لەوێ

جگە لە تەنیایی

جگە لە باران

جگە لە خۆم

جیهان ئەوەندە خۆشحاڵە

بەفر دەبارێ

مرۆڤ میز بە ژیاندا دەکا

من خۆم گرمۆڵە دەکرد تا تەنیایی لە بیر بەرمەوە

بەڵام هەست دەکەم ژیان تووشی هەڵامەت بووە

من لە سەفەرێك دەچم کە بوومەلەرزە دروستی کردبێ

ژیان لە مردوویەك زیاتر نییە

باران لە هەر جێگەیەکەوە هەڵبکات ژن تەڕ دەبێ

دەمەوێ فێری ئەوە بم

بۆچی ئایەیت

باران هاتۆتە خوارەوە

ئاو لە ژنێك دەچێ کە ماڵێك بۆ تەنیایی دروست بکا

مرۆڤ پڕبوو لە گومان

هەموو ئەوانەش بە خەتی سوور دەنووسن

ژیان سێوێکە لە بەر هەتاو مابێتەوە

هەست دەکەم بۆنی ژن دێ

وەکو یەکێك ئاو بیگرێ.

هەولێر

مایس/2005